جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات

جمعية الدعوة
وتوعية الجاليات بالربوة

IslamHouse.com

أنا مسلم - كردي سوراني

# من مسوڵمانم

## أَنَا مُسْلِمٌ

نووسینی:

د. موحەمەد ئیبراهیم ئەلحەمەد



ح جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات ، ١٤٤٥ هـ

الحمد ، محمد بن إبراهيم
أنا مسلم - كردي سوراني. / محمد بن إبراهيم الحمد ؛ جمعية
خدمة المحتوى الإسلامي باللغات - ط.١ -. الرياض ، ١٤٤٥

٢٣ ص ؛ ١٤ × ٢١ سم

ردمك: ٩٧٨-٦٠٣-٨٤٤٢-٢٩-٦

١٤٤٥ / ١٨١٩٥

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Tel: +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245- 2836
www.islamhouse.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# من مسوڵمانم


نووسینی:

د. موحەمەد ئیبراهیم ئەلحەمەد

# من مسوڵمانم[1]

من مسـوڵمانم، واتە ئاینی من ئیسـلامە، وئیسـلام ئاین و وشـەیەکی گەورە وپیرۆزە، وپێغەمبەران -علیهم السـلام- لەسەرەتاوە بۆ کۆتایان ؛ یەك لەدوای یەك وەکو میرات بۆیان ماوەتەوە و لەسـەری ژیاون. ئەم وشـەیە چەندین واتای بەرز و بڵندی لەخۆگرتووە؛ مەبەسـت لێی: تەسـلیم بوون، وملکەچی وگوێڕایەڵیە بۆ پەروەردگـار، وئەم مـانـایەش دەگرێـــتەوە: سەلامەتی، وئاشتی، وئاسوودەیی، وئاسایش، وهێمنی وبێ ترسی بۆ تاک وکۆمەڵگا.

هەر بۆیە وشەکانی (السلام و الإسلام) زۆرترین جار هاتوون لە شـەریعەتی ئیسـلامدا، و (ئەلسـەلام: السـلام) ناوێکە لە ناوەکانی خوای پەروەردگار، وسـڵاوکردنی مسـوڵمانان لەنێو خۆیاندا بریتیە لە سەلام کردن، وسڵاوکردنی خەڵکی بەهەشت سـەلامە، وئەو کەسـە بەڕاسـتـی وهەق مسـوڵـمانە کە مسوڵمانان پارێزراون لە زوبان ودەستی. ئیسلام ئاینی پڕ خێر ودەستکەوتە بۆ هەموو خەڵکی بەبوونی ئیسلام بێ پێویستن

[1] وشەیەکە نووسراوە بۆ پێناساندنی ئاینی ئیسلام

لە هەموو شتێک، ڕێبازی بەختەوەریانە لەدونیا ودواڕۆژیاندا؛ بۆیە کۆتا ئاینە وگشتگیر وفراوان وڕوون وکراوەیە لەگەڵ هەموو تاکێک وجیاکاری ناکات لەنێوان هیچ ڕەچەڵەک ورەنگێک، بەڵکو بەیەکسانی ودادپەروەری دەڕوانێتە هەموو خەڵکی، هیچ کەسێک تایبەت وباشتر نییە لەئیسلامدا مەگەر بەپێی دەستگرتنی نەبێت بە ڕێنمایی وفەرمانەکانی.

بۆیە هەموو نەفسە تەندروست وڕێکەکەکان؛ قبوڵی دەکەن، چونکە بەپێی فیترەتی -سروشتی- مرۆڤە کە پەروەردگار مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، هەموو مرۆڤێک لە فیترەتیدا دروستکراوە لەسەر خۆشویستنی خێر ودادپەروەری وئازادی، وپەروەردگاری خۆشدەوێت، ودان بەوەدا دەنێت تاکە پەرستراو شایستەی پەرستن بێت بەتەنها (الله) یە؛ جگە لە ئەو زاتە مەزنە هیچ یەکێک یان شتێکی تر شایستەی پەرستن نییە، وهیچ مرۆڤێک لەسەر ئەم فیترەتە لانادات مەگەر بەهۆی شتێک یان یەکێک نەبێت کە لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە لایدەدات، ئەم ئاینە خوڵقێنەری خەڵکی ڕازی بووە ببێتە ئاینیان، کە پەروەردگاریان وپەرستراویانە.

ئاینەکەم فێرم دەکات کە من لەم دونیایەدا دەژیم پاشان دەچم بۆ شوێنێکی تر، ئەویش شوێنی مانەوە وچارەنووسی هەمیشەییە بۆ هەموو خەڵکی یان بەرەو بەهەشت یان بەرەو دۆزەخ.

ئاینی ئیسلام فەرمانم پێدەکات بە کۆمەڵێک شتی فەرمانپێکراو ونەهیم لێدەکات لە کۆمەڵێک شتی نەهیلێکراو؛ ئەگەر ئەو فەرمانانەم جێبەجێکرد، ودوورکەوتمەوە لەو نەهی لێکراوانە ئاسوودە دەبم لە دونیا ودوارۆژدا، ئەگەر کەمتەرخەم بم لە فەرمانپێکراوەکان یان نەهی لێکراوەکان ئەوا تووشی ناڕەحەتی وسەختی دەبم لەدونیا ودوارۆژدا هێندەی کەمتەرخەمی وسەرپێچیەکانم.

گەورەترین شتێک ئیسلام فەرمانی پێم کردووە بریتییە لە تەوحید (تەنها بەندایەتی کردن بۆ) الله، ومن شاهێدی دەدەم وباوەڕم وایە بەبیروباوەڕێکی پتەو وچەسپاو کە الله پەروەردگار وپەرستراوی منە، وتەنها پەرستنم بۆ الله یە؛ دەیپەرستم بە خۆشویستنی، وترس لە سزای، و بەهیوای پاداشتی، و بەتەوەکول -پشت بەستن- تەنها بە ئەو زاتە مەزنە، وە تەوحید -یەک خوا پەرستی- خۆی دەبینێتەوە لەشاهێدی دان بەوەی

الله تاکە وتەنهایە وبێ شەریک وبێ هاوەڵە لە پەروەردگارێتی، وئولوهیەتی -پەرستراوێتی-، ولە ناو وسیفاتەکانیدا، وموحەممەد -صلی الله علیه وسلم- پێغەمبەری خوایە؛ موحەمەد کۆتا پێغەمبەرە، خوای گەورە ناردوویەتی وەکو ڕەحمەتێک بۆ هەموو جیهان، وبە ئەو کۆتایی هێنا بە پێغەمبەرایەتی وپەیامەکانی؛ بۆیە هیچ پێغەمبەرێک لەپاش ئەو نایەت، ئاینێکی گشتی هێناوە کە گونجاوە بۆ هەموو سەردەم وشوێن وئومەتێک.

ئاینەکەم فەرمانم پێدەکات بە باوەڕهێنان بە فریشتەکان، وهەموو پێغەمبەران، لەسەرووی هەموویانەوە پێغەمبەر نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا وموحەمەد -علیهم السلام-.

هەروەها ئیسلام فەرمانم پێدەکات بە باوەڕ هێنان بە کتێبە ئاسمانیەکان کە دابەزێندراون بۆ سەر پێغەمبەران، وبە شوێنکەوتنی کۆتا کتێب وگەورەترینیان (ئەویش قورئانی پیرۆزە).

ئاینەکەم فەرمانم پێدەکات بە باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی؛ کە خەڵکی لەو ڕۆژەدا لەسەر کردەوەکانیان پاداشت دەدرێنەوە، وفەرمانم پێدەکات بە باوەڕهێنان بە قەزا وقەدەر،

وڕازی بوون بەوەی  لەم ژیانەدا بەســەرم دێت لە خێر وشــەڕ، وهەوڵدان بە دەستگرتن وگرتنەبەری  هۆکارەکانی ڕزگاربوون.

بـاوەڕهێنـان بە قەدەر  دەبێتە هۆی بەخشــینی حەوانەوە، وئـارامی، ودڵنیـایی، وئـارامگرتن، ودوورکەوتنەوە لە خەفەت خواردن وئـاخ هەڵکێشـــان بۆ ڕووداوەکـانی ڕابردوو، چونکە بەدڵنیـاییەوە دەزانم ئەوەی تووشــم بووە وهـاتۆتە ڕێم؛ ئەوا بۆی نەبووە تووشــم نەبێـت ونەیەتە ڕێم، وئەوەی تووشــم نەبووە ونەهـاتۆتە ڕێم؛ ئەوا بۆی نەبووە تووشــم بێـت وبێتە ڕێم، هەموو شــتێک بەقەدەرە ونووسراوە لەلای خوای گەورە ومن تەنها لەســەرمە دەســت بەهۆکارەکانەوە بگرم، وپاشـان ڕازی بم بە ئەو بەشەی لەدونیادا بۆ من دیاری کراوە.

ئیسلام فەرمانم پێدەکات بەو کردەوە چاکانەی دەبنە هۆی پاکبوونەوەی ڕۆحم، لە ڕەوشــتە جوان وبەرزەکان کە هۆکاری بەدەســت هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارن، بەهۆیان نەفس وڕۆحم پاک دەبنەوە ودڵم ئارام دەبێت، وســینگم ئاســوودە وفراوان دەبێـت، وڕێگاکەم ڕوونـاک دەبێتەوە و دواجار دەبمە ئەندامێکی بەسوود لە کۆمەڵگادا.

بەرزترینی ئەو کردەوانە: تەوحید وبەتەنها پەرستنی الله یە، وئەنجامدانی پێنج نوێژ لە شەو ورۆژێکدا، ودەرکردنی زەکاتی سەروەت وسامان، ورۆژووگرتنی مانگێک لە هەموو ساڵێکدا ئەویش مانگی ڕەمەزانە، وحەجکردنی ماڵی خوای پەروەردگار - بیت الحرام- لە مەککە بۆ کەسێک توانای حەج ئەنجامدانی هەبێت.

لە گەورەترینی ئەو شتانەی کە ئاینەکەم ڕێنموێنی بۆ کردووم، کە سینگ فراوان دەکاتەوە ونارەحەتیەکان لەسەر نەفس لادەبات؛ زۆر خوێندنەوەی قورئانە کە فەرموودە وقسەی خودایە، ڕاستترین وجوانترین وگەورەترین وتەیە، وهەموو زانست وزانیاریەکانی سەرەتا وکۆتایی لەخۆگرتووە. خوێندنەوەی یان گوێگرتن لێی هێمنی وئارامی -سەکینەت- وئاسوودەیی وبەختەوەری بۆ دڵ دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر خوێنەر یان گوێگر زمانی عەرەبی بەباشی نەزانێت یان موسڵمان نەبێت.

لە گەورەترین شتەکان کە سینگ فراوان دەکات؛ زۆر پاڕانەوەیە لە خودا وپەناگرتن وهانابردن بۆ ئەو زاتە مەزنە، وداواکردنی هەموو شتێکی گەورە وبچووک لە ئەو پەروەردگارە

میهرەبانە، ئەوەی لە الله بپارێتەوە و لەپەرستنیدا دڵسۆز بێـت ؛ پەروەردگاری وەڵامی دەداتەوە.

لە مەزنترین شــتەکـان کە دەبێتە هۆی ســینـگ فراوانی وئـاســوودە بوونی دڵ ورۆح بریتیە لە زۆر یـاد کردنی خوای گەورە -عز وجل-.

پێغەمبەرەکەم -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووم بۆ چۆنیەتی یـاد کردنی خوای گەورە، وبـاشــترین زیکرەکـانی فێـرکـردووم کە یـادی خـوا بە ووتـنـی ئەو زیـکـرانە دەکـرێـت ولەوانەش: چوار وشە کە باشترین وتەن لەپاش قورئانی پیرۆز، ئەوانیش بریتین لە: (ســبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر).

وهەروەها ووتنی: (أستغفر الله، ولا حول ولا قوة إلا بالله).

ئەم وشــانە کاریگەری بەهێز وســەیریان هەیە لە ســینگ فراوان بوون وئاســودەیی، ودابەزینی هێمنی وســەکینەت بۆ نێو دڵ.

ئیســلام فەرمانم پێ دەکات ڕەوشــت بەرز بم ودوور بم لە هەموو شــتێـک کە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی مرۆڤـایەتی وڕێزم -کەرامەتم-، وئەقڵ وئەندامەکانی جەستەم بەکاربهێنم

بـۆ ئەنـجـامـدانـی ئەو شـــتـانەی کە بـۆ جـێـبەجـێ کـردنـیـان دروستکراوم؛ لە کردەوە بەسوودەکان بۆ دینداری ودونیام.

ئـاینەکەم فەرمـانم پـێـدەکـات بەوەی بەڕەحم وبەزەیی بم، وڕەوشـــت ومـامەڵەکردنم جوان بێـت، وچـاکەکـار بم لەگەڵ خەڵکیدا هێندەی دەتوانم بە کردار وگوفتار.

لە گەورەترین مافەکانی خوڵقێنراوەکان کە فەرمانم پێکراوە سـەبـارەتی بریتییە لەمـافەکـانی دایـک و بـاوک،؛ ئـاینەکەم فەرمانم پێدەکات کە لەگەڵیاندا چاکەکار ومیهرەبان بم، حەز بکەم خێر وچاکە بێتە ڕێگایان، و بەپەرۆش بم لەســەر ئەوەی ئاسـوودە بن، وئەوەی سـوودە پێشـکەشیان بکەم؛ بەتایبەت کـاتـێـک دەچـنە تەمەنەوە، بـۆیە دەبـیـنـیـت لەکـۆمەڵـگە ئیسـلامیەکـانـدا دایـک وبـاوک پلەیەکی زۆر بەرزیـان هەیە لە قەدەر وڕێزگرتن وخزمەتکردن لەلایەن ڕۆڵەکـانیـانەوە، وهەتـا دایک وباوک بەساڵدا بچن، یان تووشی نەخۆشی ولاوازی بن؛ ئەوا ڕۆڵەکانیان زیاتر چاکەکار دەبن بەرامبەریان.

ئاینەکەم فێری کردووم کە ئافرەتان ڕێز وشکۆیەکی زۆریان هەیە، ومافی گەورەو تایبەتیان هەیە؛ ئافرەتان لەئیســلامدا هاوتا وهاوشـانی پیاوانن، وباشــترینی پیاوان؛ باشــترینە بۆ

خێزانی، کچی مسـولْمان هەر لەمنـداڵیەوە مـافی هەیە؛ لەمافی شیرپێدان و بەخێوکردن وجوانی پەروەردە کردن، ولەو کـاتەدا دڵـبەسـتە وگـلـێـنەی چـاوی دایـک وبـاوک وبـرا وکەسوکاریانن.

هەروەهـا لە گەورەیـیـدا بەڕێـزە وڕێـزلـێـگـیراوە، سەرپەرشتیارەکانی -وەلی ئەمرەکانی- غیرەت دەبەن لەسەری، و بە خزمەتکردن وچاودێری دەوری دەدەن. قبوڵ ناکەن ؛ هیچ یەکێک بەخراپە دەسـتیان بۆ درێژ بکات، و بەزوبان زیانیان پێ بگەیەنێت، و بەچاوی خیانەتەوە سەیریان بکات.

ئەگەر هاوسەرگیری بکات، ئەوا بەپێی فەرمانی خودایە، کە پەیمان وبەڵێنێکی ئێجگار گەورەیە. بۆیە لەماڵی مێردەکەیدا لە شـکۆدارترین شـوێـندا دەبێـت، وئەرک و واجبە لەسـەر مێردەکەی کە ڕێزی لێبگرێـت، و بەچـاکەکـاری ومیهرەبـانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، وزیانی لێ دووربخاتەوە.

کاتێکە دایکە ؛ ئەوا چاکەکار بوون بەرامبەری لەگەڵ مافی خودا -سـبحانە وتعالی- باسـکراوە، وخراپ بوون بەرامبەری لەگەڵ شـیرک وهاوبەشـدانان بۆ خوای گەورە وبڵاوکردنەوەی خراپە لەسەر زەویدا باسکراوە.

ئەگەر خوشــک بێت ئەوا ئەو کەســەیە کە موســڵمان فەرمـانی پێکراوە کە پەیوەنـدی خزمـایەتی پێ بگەیەنێـت وســەردانی بکـات، وڕێزی لێبگرێـت، وغیرەتی بەرامبەری هەبێـت، وئەگەر پوور بوو ئەوا لە پلەی دایکـدایە لەڕووی چاکەکاری وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

وئەگەر داپیرە یان بەتەمەن بێت بەهای لەلای منداڵەکانی ونەوەکـانـی وهەمـوو خـزمەکـانـی زیـاتـر دەبـێـت، هـیـچ داواکـارییەکی ڕەت نـاکرێتەوە، وهیچ بۆچوونێکی بێ بـایەخ نابێت.

وئەگەر لە مرۆڤ دوور بێت بە خزمایەتی ودراوسێیەتی لێی نزیـک نەبێـت، ئەوا مـافی ئیســلامی گشــتی هەیە لە زیـان پێنەگەیاندن وچاو پاراستن لەنەزەرکردن وهتد.

کۆمەڵگـا موســڵمانەکـان هەتـا ئێســتـاش بەئەوپەڕی پابەندبوونەوە ئەم مافانە جێبەجێ دەکەن، ئەمەش وایکرد ژن بەهـای هەبێـت وبەهەنـد وەربگرێـت ؛ لەکـاتێکـدا لە کۆمەڵگـا ناموسڵمانەکان ئەمە بوونی نییە.

پاشــان لە ئیســلامدا ژنان مافی خاوەندارێتی موڵک وماڵ وکرێ و فرۆشــتن وکڕین وهەموو گرێبەســتەکانی تری هەیە،

وهەروەها مافی فێربوون وفێرکردن وکارکردنی هەیە، بەمەرجێک بەشێوەیەک بێت پێچەوانەی فەرمان ورێنماییەکانی ئاینی ئیسلام نەبێت. بەڵکو بەشێک لە زانست فەرزە لەسەر هەموو کەسێک و تاوان بارە ئەوەی واز بێنێت لە فێربونی؛ نێر بێت یان مێ.

بەڵکو ئەوەی بۆ پیاوەکانە بۆ ئەوانیشە جگە لە هەندێک شت نەبێت کە تایبەتە بە پیاوەکان بەدەر لەئەوان، یان ئەو ماف وحوکمانەی تایبەتن بەئەوان کە گونجاون بۆیان یان بۆ پیاوان بەو شێوەیەی ڕوونکراوەتەوە لەشوێنی خۆیاندا.

ئاینەکەم فەرمانم پێدەکات بەخۆشویستنی برا وخوشک ومام وخاڵ وپور وهەموو خزمەکانم، وفەرمانم پێدەکات مافی ژن ومنداڵ ودراوسێکانم جێبەجێ بکەم.

ئاینەکەم فەرمانم پێدەکات بەفێربوونی زانست، وئامۆژگاریم دەکات بەهەموو شتێک کە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئەقڵ وڕەوشت وبیرکردنەوەم.

ئیسلام فەرمانم پێدەکات کە بەشەرم، ونەرمونیان، وبەخشندە، وبوێر، و بەحیکمەت، و وریا، وئارامگر، وسادە، وداوێن پاک، ودەستپاک، ودڵسۆز بم، وهەروەها ئاینەکەم

فەرمانم پێدەکات کە حەزم بەخێر وچاکە بێت بۆ هەموو خەڵکی، وهەوڵبدەم بۆ بەدەستهێنانی ڕزق وبژێوی، ومیهرەبان بم بەرامبەر بە هەژاران، وسەردانی نەخۆشەکان بکەم، وبەڵێنەکان جێبەجێ بکەم، وقسەم جوان وشیرین بێت، وبە ڕووخۆشیەوە لەگەڵ خەڵکی بدوێم، وهەوڵبدەم خەڵکی بەختەوەر بن و بەهۆی منەوە تووشی خەفەت وغەمباری نەبن هێندەی دەتوانم.

لەلایەکی ترەوە لە نەزانی ئاگادارم دەکاتەوە، ونەهی وڕێگریم لێدەکات لە بێباوەڕی -کوفر-، وئیلحاد -بێ دینی-، وسەرپێچی، و بەدڕەوشتی، وداوێنی پیسی -زینا ونێربازی-، وخۆبەگەورەزانین، وحەسوودی -ئیرەیی-، وڕق، وبێمتمانەیی -گومان خراپی-، وڕەشبینی، ودڵتەنگی، ودرۆ، و نائومێدی، وڕەزیلی، وتەمبەڵی، وترسنۆکی، ودەست بەتاڵی، وتوڕەیی ، وگەمژەیی، وخراپ بوون بەرامبەر خەڵکی، وقسەکردنی زۆری بێ سوود، وئاشکراکردنی نهێنی، وخیانەت، وشکاندنی بەڵێن، وخراپ بوون بەرامبەر دایک و باوک، وپچڕانی پەیوەندی خزمایەتی، وپشتگوێخستنی منداڵ، وزیانگەیاندن بە دراوسێ ومرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی.

هەروەها ئاینی ئیسلام نەهی لێکردووم لە خواردنەوەی مادده بێهۆشکەرەکان، وقومارکردن بەماڵ وسەروەت وسامان، ودزیکردن، وفێڵکردن، وهەڵخەڵەتاندن، وترساندنی خەڵکی، وسیخوڕیکردن لەسەریان، وگەڕان بەدوای عەیب وکەموکورتیاندا.

ئاینی من کە ئیسلامە پارێزەری سەروەت وسامانە، وئەمە هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی ئاشتی وئاسایش؛ بۆیە ئامۆژگاری دەکات بە پاراستنی سپاردە -ئەمانەت-، وستایشی ئەوانە دەکات کە دەستپاکن، وبەڵێنی پێ داون بە خۆشگوزەرانی وبەدەست هێنانی بەهەشت، ودزی کردنی حەرامکردووە، وهەڕەشەی کردووە لەسەر بکەرانی بە سزا دانیان لەدونیا ودوارۆژدا.

ئاینەکەم ڕۆح ونەفس دەپارێزێت، بۆیە کوشتنی حەرامکردووە بەبێ هەق ومافی خۆی، وهەروەها دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی حەرامکردووە بە هەرشێوەیەک بێت لەشێوەکان ئەگەرچیش بە قسە بێت.

تەنانەت ئیسلام حەرامی کردووە مرۆڤ سنوور تێبپەڕێنێت دەرهەق بەنەفسی خۆیشی؛ ڕێگەی نەداوە مرۆڤ ئەقڵی

خۆی تێکبدات بەهۆی خواردنەوەی مەی ومادده هۆشبەرەکان وشتی تر، یان تەندروستی خۆی تێکبدات، یان خۆی بکوژێت.

ئاینەکەم ئاینی ئیسلام ڕێکخەر وپارێزەری ئازادییەکانە، لە ئیسلامدا مرۆڤ ئازادە لە بیرکردنەوە، وفرۆشتن، وکڕین، وبازرگانی، وجووڵەکانی، وئازادە لە چێژوەرگرتن لە شتە پاکەکانی ژیان، وەک خواردن وخواردنەوە وجلوبەرگ وبیستراو بەمەرجێک نزیکی حەرام نەبێتەوە کە سەرەنجام ببێتە هۆی زیان بۆ سەر خۆی یان بۆ سەر خەڵکی تر.

ئیسلام ئازادیەکان ڕێک دەخات وسنووریان بۆ دادەنێت؛ ڕێگە بە کەس نادات سنوور تێبپەڕێنێت دەرهەق بە کەسێکی تر، وڕێگە بە مرۆڤ نادات چێژ وەربگرێت لە حەرامکراوەکان چونکە سەرەنجام دەبێتەوە هۆی لەناوچوونی سەروەت وسامان وبەختەوەری ومرۆڤایەتی بوونی.

ئەگەر سەیری ئەو کەسانە بکەیت کە ئازادی ڕەهایان بە خۆیان بەخشیووە لە هەموو شتێکدا، و هەموو ئەو شتانەیان بەنەفسی خۆیان داوە کە ئارەزووی دەکەن لە ئارەزووەکان - شەهوەتەکان- بەبێ ئەوەی فەرمانەکانی ئاین وئەقڵ ڕێکخەر وگێڕەوەیان بێت، دەبینیت لە نزمترین ئاستەکانی نەهامەتی و

ناڕەحەتیدا دەژین، ودەبینیت هەندێکیان دەیانەوێت خۆیان بکوژن؛ تا ڕزگاریان بێت لە دوو دڵی و دڵە ڕاوکێیی.

ئاینەکەم فێری بەرزترین ئەدەب وڕەوشـتەکانم دەکات لە خواردن وخواردنەوە، وخەوتن، وقسەکردن لەگەڵ خەڵکی.

ئیسـلام فێری لێبووردەییم دەکات لە کڕین وفرۆشـتن، وداواکردنی مافەکاندا. وئاینەکەم فێرم دەکات لێبوردە بم لەگەڵ نەیارانی ئیسلامدا بەشێوەیەک ستەمیان لێ نەکەم، وخراپەکار نەبم بەرامبەریان، بەڵکو چاکەکار دەبم لەگەڵیان، وهیوادارم چاکە وخێر پێیان بگات.

مێژووی مسوڵمانان شاهێدی لێبووردەیی موسوڵمانانە، لێبوردەییەک کە لە هیچ میللەتێک بێجگە لە موسـوڵمانان نەبیسـتراوە ونەزاندراوە، مسـوڵمانان لەگەڵ گەلانی خاوەن باوەڕی جیاواز پێکەوە ژیاون و گەلانێکی زۆر هاتوونەتە ژێر دەسـەڵاتی موسـڵمانان؛ مسـوڵمانان -لەگەڵ هەمووان- بەباشترین و جوانترین شێواز ژیانیان بەسەر بردووە.

بەشـێوەیەکی گشـتی ئاینی ئیسـلام بە جوانترین شـێواز فـێری خـوڕەوشـت وجـوانـی مـامەڵەکـردن وبەرزتـریـنـی ڕەوشـتەکـانی کـردووم، کە هـۆکـارن بـۆ بەختەوەری تەواو

لەژیـانـدا. ونەهـی لـێـکـردووم وقەدەغەی کـردووە لەســەرم هەموو شــتێـک کە ژیـانم تێـکـدەدات، وزیـان بەپێکهـاتەی کۆمەڵایەتی یان ڕۆح یان دەروون یان ســامان یان کەســایەتی -وناوبانگ- یان شەرەفم دەگەیەنێت.

بەپێی دەســـتگرتنم بەو ڕێنمایی وفەرمـانـانەوە؛ زیـاتر بەختەوەر دەبم، وکەمتەرخەمیم لە دیـن ودیـنـداریـمـدا واتە لەدەســت دانی خۆشــگوزەرانی وئاســودەیی بەهێندەی کەم تەرخەمیم تێیاندا.

پابەندبوونم بە ئەوانەی باسکران واتای ئەوە نییە کە من بێ هەڵەم؛ وکەمتەرخەم نـابم، ئـاینەکەم ڕەچـاوی سروشــتـی مرۆڤایەتی و لاوازبوونم دەکات لەهەندێک کاتدا بۆیە تووشی هەڵە و کەموکورتی وکەمتەرخەمی دەبم، لەبەر ئەم هۆکارەش دەرگـای تەوبەکردن وداوای لێخۆشــبوون وگەڕانەوە بۆ لای خـودا بـۆ مـن کـرایەوە، تەوبە کـاریـگەری کەمـوکـورتـیەکـانـم لادەبات، و پێگەی من لەلای پەروەردگارم بەرز دەکاتەوە.

هەموو ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام لە بیروباوەڕ، وڕەوشت، وئاداب، ومامەڵەکان ســەرچاوەیان قورئانی پیرۆز، وســونەتی پاک وبێگەردی سەروەرمانە.

لە کۆتـاییـدا بەپێـداگیریەوە دەڵێم: ئەگەر هەرمرۆڤێـک لە هەرشـــوێنێکی دونیا، بە چاوی دادوەری وبێلایەنی ســـەیری هەقیقەتی ئاینی ئیســـلام بکات؛ ئەوا جگە لەمســـوڵمان بوون بژاردەیەکی تری نییە، بەڵام کارەســـات ئەوەیە هەوڵدەدرێت ئاینی ئیسـلام ناشـیرین بکرێت بەهۆی بانگەشـەی درۆوە یان بەهۆی کردەوەی ئەوانەی خۆیـان دەدەنە پـاڵی و بەڕاســـتی دەست گرتوو نین بە بنەماکانی ئیسلامەوە.

ئەگەر کەسێک سـەیری هەقیقەت و ڕاستی ئیسـلام بکات وەکو خۆی، یان ســـەیری حاڵی ئەوانە بکات کە بەهەقیقەت و تەواوی دەسـت گرتوون بەئیسـلامەوە ئەوا هیچ دوودڵ نابێت لەقبوڵکردن و هەڵبژاردنی، وبۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئیســـلام بانگەوازی دەکات بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی، وبۆ دامەزراندنی ئاشتی وئاسایش، وبۆ بڵاوکردنەوەی دادپەروەری وچاکەکاری.

ســـەبارەت بە لادانەکانی هەندێک لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئاینی ئیســـلام -کەم بێت یان زۆر- دروســـت نییە لە هیچ حـاڵەت وبـارودۆخێکـدا ئـاینەکە تـاوانبـار بکرێـت، یـان ڕەخنەی لێبگیرێـت، بەڵکو ئـاینی ئیســـلام دوورە وبەریئە لەو لادانـانە ئەگەر هەرکەســـێک ئەنجامدەری بێت. دەرئەنجامەکانی لادان بەخراپە ســـەرەنجـام بۆ خودی لادەرەکـان دەگەڕێتەوە؛ چونکە

ئیسلام فەرمانی بە لادان نەکردووە، بەڵکو قەدەغەی کردووە وئاگاداری کردونەتەوە لە لادان.

پاشان دادپەروەری ئەوە دەخوازێت کە سەیری حاڵی ئەوانە بکرێت کە وەکو ئەوەی داواکراوە پابەندن بەم ئاینەوە وبانگەوازی بۆ دەکەن، وفەرمان وحوکمەکانی جێبەجێ دەکەن لەنەفسی خۆیان ودەرهەق بەخەڵکیش، ئەمە دڵەکان پڕ دەکات لە بەشکۆدانان و ڕێزگرتن بۆ ئەم ئاینە وشوێنکەوتووانی. ئیسلام هیچ شتێکی گەورە وبچووکی جێنەهێشتووە لە ڕێنموێنی وشتی باش وبەسوود؛ ئامۆژگاری کردووە سەبارەتی، وهیچ خراپە وشتێکی بێ سودی جێنەهێشتووە؛ ئیلا مرۆڤەکانی ئاگادار کردۆتەوە، وڕێگاکانی گەیشتن بەو خراپەی لێ قەدەغە کردوون.

بۆیە ئەوانەی ئەم ئاینە بەشکۆمەند دادەنێن، وڕێوڕەسم ودروشمەکانی جێبەجێ دەکەن بەختەوەرترینن لەنێو مرۆڤەکان، ولە باڵاترین چیندان لە ئەدەب وڕەوشتی نەفس، وتەمبێ وپەروەردەکردنی نەفس لەسەر ڕەوشتە بەرز وجوانەکان، و لەلایەن کەسانی نزیک ودوورەوە شاهێدیان بۆ دەدرێت، تەنانەت ئەوانەیشی ناکۆکن لەگەڵیان.

بەڵام بەتەنها سەیرکردنی بارودۆخی موسڵمانە کەمتەرخەمەکان لەئاینەکەیاندا، کە لایاندانەوە لەسەر ڕێگای ڕاست؛ ئەوا ئەمە هیچ دادپەوەریەکی تێدا نییە، بەڵکو ئەمە خودی ستەمە.

لە کۆتاییدا ئەمە بانگەوازیەکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین ؛ هەوڵ بدەن بۆ ناسینی ئاینی ئیسلام وچوونە نێویەوە.

هەرکەسێک بیەوێت بێتە نێو ئیسلامەوە ؛ هیچی لەسەر نییە بێجگە شاهێدی دان بە: (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە اللە، وموحەممەد پەیامبەر ونێردراوی خودایە)، وخۆی شارەزا بکات لە ئیسلامدا بەهێندەی بتوانێت ئەو واجبانە جێبەجێ بکات کە لەسەریەتی ئەنجامیان بدات، وهەرچەندێک زانست وکردەوەی زیاتر بێت ئەوا زیاتر ئاسوودە دەبێت، وپلەی لەلای پەروەردگار بەرزتر دەبێتەوە.

# تعرف على الإسلام

## بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تراجم معاني وتفاسير القرآن الكريم

ISLAM HOUSE .com
IslamHouse.com

مرجعية شاملة للتعريف بالإسلام بلغات العالم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة ترجمات الأحاديث النبوية وشروحها

بيان الإسلام
byenah.com

بوابة مبسطة للتعريف بالإسلام وتعلم أحكامه

موسوعة المحتوى الإسلامي
IslamEnc.com

منتقى المحتوى الإسلامي المترجم

ما لا يسع أطفال المسلمين جهله
kids.islamenc.com

منصة ما لا يسع أطفال المسلمين جهله

978-603-8442-29-6

Ku231